# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا     (٢)

نووسینی: تاهیر عەلیار

## حەسەنی قزڵجی (٦-٢)

## کۆمەڵناسیی کوردەواری لە(پێکەنینی گەدا) ی کاک حەسەنی قزڵجی دا (٢-٢)

لەچیرۆکی هێلکەی هادی خانی دا ژیانی کرێکارانی گوندی نشوور ئاوا دەخاتەروو:
" لەم باخەدا کۆمەڵێک کرێکاری لەڕو لاواز و رووتەڵە قوڕەکاری یان ئەکرد . خەریک بوون خانوویەک بۆ خاوەن باخەکە دروست کەن . نیوەڕۆیان سەرو سێ نانیان ئەدانێ . هیندێ رۆژ دۆشی لە گەڵ ئەبوو. لە ئەوڕەحمانی باخەوانم پرسی ئەمانە کرێ یان چەندەیە؟ گوتی : رۆژێ تمەنێک . گوتم: جا چۆن بەو رۆژە درێژانە بە تمەنیک کار دەکەن ؟ گوتی: هاهوو ئەمە کار و کاسبی یان رەنیو هێنانی ئەم باخەیە. ئەگەر ساڵێک تەرزە و گلێرە درەختەکانیان بکوتێ ، هیچیان نییە پێی بژین . پارەکە نەهاتی یان بوو ، زستان پارەیان وەرگرتوە لە پێی کاری هاویندا رۆژێ بە تمەنێک و خۆیان پێ خستۆتە بەهار. ئیستا بۆیە بەوەندە کار ئەکەن . ئەم سێ نانەی ئەشیان درێتێ پیاوەتی یە.
خەڵکی نشوور ئەوانەی جووتبەندەن وەک دێهاتی تر خەرج و پیتاک و پوشانە و رۆنانە و کاوڕانە وخوریانەو مووانە و فڕووجانە و بێگارانەی خۆیان ئەدەن . دەغڵ و دان و شیناوەردیش ئەوە دیارە کە نیوەیی و سێ یەکە، باخەکانیشیان لەم ساڵانە بە هۆی تاپۆوە لێکراوەتە نیوەیی . ئەوانەی ڕەشاییشن دیسان وەکوو هەندەران مانگێ سێ رۆژ بێگار ئەکەن . ئەگەر ئاژەڵیشیان ببێت ئەوا رۆنانە و پوشانە و کاوڕانە و خوریانەش ئەدەن . بەڵام هادی خان زیاد لە گشت شوێنێک بە پێی ئەژمارە بۆ هەر مامرێکی سەرە پانزە هێلکە لە رەشاییەکان ئەستینیت."

لەچیرۆکێکی دیکەش دا دەڵێ : "دیسان ئەورۆژەش بردبوویانە بێگار ، هەدایان پێ نەدابوو .هەر لە تاو کەوتنەوە تا ئێوارە، بەدرێژایی رۆژگاری بەهار رەتاندبوویان . کابرای گزیر سەری زمان و بنی زمانی جنێو بوو . دەمی دەتگوت چەقەنەی ئاشە پەیتا پەیتا دەینەڕاند و دەی گوڕاند."
ئەو دیمەنانەی قزڵجی لەژیانی رۆژانەی خەلک پێشانیان دەدا پڕە لە نەداری و دەست تەنگی و چارەڕەشی و بێدەرەتانی خەلکی کوردستان . پڕە لە نەخوێندەواری ، دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەلایەتی . پڕە لە چەوسانەوە و داڕووتاندنی چینایەتی و لە گەڵ کۆیلەداری تەفاوەت و فاسیلەیەکی زۆری نیە. هاوکات دەگەل ئەوانە پڕە لە خورافات و باوەڕ بە شتی سەیر و سەمەرە وهێزی نادیار و دەستی غەیبی کە وەک کولتوور و داب و نەریت مێشکی ئینسانەکانی داگیر کردوەو لەهەموو کردەوە و ئاکاری ژیانی رۆژانەیان دا دەردەکەوێ . بۆ وینە:
"زارا خانم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێ وەفا و ناپیاوانە بەجێ یان هێشتین . لە دێیەکی چۆڵ و هۆڵ دا هەر چاکە شێتیش نابین. سەیدی زەمبیل ئاور لەعەمر و مالیان بەردا.
میمکە پیرۆز ژنی لالۆ ڕەحمان کە بۆ خواحافیزی هاتبوە لای خانم ، گوتی: ئەیرۆ خانم گیان تو خوا بۆ دوعای شەڕ لە هاومالەکان دەکەی ، ئەوانیش وەک تۆ رۆڵەی شیرین یان هەیە.
میمکە پیرۆز ئەی تۆ خوا ئەوە پیاوەتی یە لە گەڵ ئێمەی دەکەن ، ئەوە وەفا و ئەمەگە دێیەکەتان چۆڵ کرد و ئێمەتان بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت؟
خانم گیان بڵێین چی ئەوەی لای خواوە بێ خۆشە . ئاخر چی بکەین . بەخوا ئەرکتان زۆر قورسە. تا پێمان کرا خزمەتمان کردن . ئێستاش لە پەڕو پۆ کەوتووین . ناشکوری نەبێ دێیەکە نەگبەت گرتوویەتی . دەڵێین بەشکەم خوا لەجێ یەکی دیکە دەروویەکی بەخێرمان لێ بکاتەوەو نەگبەت بەرمان بدا.
خانم لەقسەکانی میمکەپیرۆز "خوا" ، "نەگبەت"، "دەرووی خێر" فیکرێکی بەدڵ داهات و گوتی : میمکەپیرۆز بەدلیەوە مەگرە، لە گەڵ تۆم نەبوو ، ئێوە رەعیتێکی باش بوون ، بەخیرچن ، خێرتان بێتەرێ .
خانم گیان دەم خۆش ، قەت دوعای شەڕ لەخەڵک مەکەن . ئێوە نەجیب زادەن. ودمی باش نی یە."
لەچیرۆکی( خەملّی پەمۆدا ) دیسان دیاردەی خورافات بە تەواوی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا خۆی دەنوێنی ، بۆوینە:
"شێخ: سا بێژین چی؟ زەمانەخراپ بووە. زوڵمەت دنیای داگرتووە. خوا رەحم بە ئیمانەکەمان بکا.
سۆفی نامیق: بیم وەقوربانەکەت. خاس ئەفەرمووی . ئاخرزەمانە. ئەمە پێنج مانگی رەبەقە بە خۆم و بە منداڵەکانمەوە رەنج ئەدەین.. ئێسەکە پەمگەکەی گەرەکە. ئەی خوا هەڵی نەگرێ.
شێخ : بێژین چی سۆفی نامیق ، قەزا و قەدەری خوایە. زەمانەکە خراپ بووە ، خوا خراپ تر نەدا. "
لەچیرۆکی کەشکۆڵی جادوویی دا خورافات دەگاتەلووتکەی خۆی :
" کەشکۆڵی وەرگرت وگەلێک سوپاس و ماڵئاوایی لالۆی پیرەی کرد و گەڕایەوە. کە لێی وردبۆوە وەک شتێکی لێ نووسرابێ وابوو ، بەڵام نەیدەزانی بیخوێنێتەوە. بەینێک رۆیشت برسیی بوو. گوتی خۆزگە ئەو کەشکۆڵە ئێستە نان و پێخۆرێکی تێدا بوایە . بە دەم ڕێوە یاریی بە کە شکۆڵەکە دەکرد و سەری لابرد بزانێ چۆنە، کە تەماشای کرد نان و پەنیرێکی باش تێدایە. تاوێک سەرسام ماو گوتی : تۆ بڵێی ئەمەوەک مەمانە بۆر نەبێ یا کەشکۆڵێکی جادوویی بێ

هەرچی پیاو ئارەزوو بکا تێی دابێ ؟ نان و پەنیرەکەی خوارد وگوتی: خۆزگە پڕ بایە لە ئاوی سارد . کە دەرخۆنەکەی لابرد پڕ بوو لەئاوی سارد. تێریشی ئاو خواردەوە. ئەمجار وتی : خۆزگە سێ چوار پیاڵە چاشی تێدابوایە. دیسان کەدەرخۆنەکەی لابرد چاشی تێدابوو. وەیسە لە خۆشیان هەرئەوەندە بوو باڵی نەدەگرتەوە. "

"هێشتا وەیسە لەوێ وێستابوو کە فەرەیدوون بەگ وەک تەلیسمێکی بەناوی ئەوەوەبێت دەستی دا دەرخۆنەی کەشکۆڵەکە و بۆی لابرا. بەڵام دەس بەجێ دوو مستی قورس و قایم لە کەشکۆڵ هاتنەدەرێ و راست و چەپیان لەسەری فەرەیدون بەگ گرت و لەلاجانگیان دەسرەواند. هەروا پشوویەکی پێ نەچوو هێندەیان بەسەریا کێشا نزیک بوو مێشکی بە کونە لووتیدا بێتەخوارەوە. "

لەچیرۆکی "نوشتەکەی ئامینەخان"دا هێندیک لایەنی دیکە لە خورافات دەکەوێتە بەرچاوی خوێنەر:

"شێخ ئەحمەدی کانی پانکە"خوای لێ خۆش بێ "بەسەرینیی خۆی ماڵی لەکانی پانکەبوو. خەریکی خۆش کردنەوەی شێت و هار بوو. بۆ هەموو ئێش و ئۆف و دەردو ئازارێ نووشتەی ئەکرد. بەهاتو هاواری هەموو کەسەوەبوو. هەرگیز ماندوویی و شەکەتیی نەئەزانی چی یە. نازانم و ناتوانم و پێم ناکرێی بەدەما نەئەهات. خوای لێ ڕازی بێت بۆ کاروباری خەڵک زۆر جەڵد و خێرا و چوست و چالاک بوو. لە دوعا و نزا ، لەنووشتەو جادوو ، لەتێڕوانین و فاڵ گرتنەوە ، لەپڕوپیتەو داو دەرمان درێغیی لە موسوڵمانان نەئەکرد. "

" ئامینەخان سڵاوێکی کرد و هێندێ دوعای لەژێر لێوەوەوە خوێند و فووی کرد بەسەر خەرمانەکەدا پیت و بەرەکەتی تێ کەوێ و بێ چاوێنی بێت. "

"ئامینەخان کوتێک کاغەزی چڵکن و قەڵەمێکی لەگیرفانی دەرهێنا و نەختێک خەتی ڕەش و سپی لێ کێشا ونوشتاندیەوەو تۆزێ منجەمنجی کرد و فووی کرد بەنووشتەکەدا و گوتی : بەسەری باوکم نووشتەیێکم بۆ کردووی تا ئێستا نووشتەی وام بۆ کەس نەکردووە. "

زەبروزەنگی زەمانی ڕەزاشا و کردەوەی ژاندارمی ئەو سەردەم و ئەو هەڵس و کەوتەی دەگەڵ خەڵکیان کردوە لایەنێکی دیکەی ژیانی کۆمەڵگای کوردەواری دەردەخا کەهێنانەوەی چەند نموونەیەک لێرە بۆ روون بوونەوەی وەزعەکە پێویستە.

"زۆری پێ نەچوو زانرا سەرباز دەوری شاریان گرتووە، سوخرەیە، ماین، ئەسپ، وشتر، گوێدرێژ، هەرچی بەکاری سواری و باری بێت بەسوخرە دەگیرێ.

دوو سێ رۆژی پێچوو وردەوردە سوخرە بڕاوە و وەزع هاتەوە دۆخی خۆی . دەنگ و باس بڵاو بۆوە. خەڵک ئەوەندەیان حەز بەفەوتانی لەشکری دەوڵەت دەکرد ، ئەوەی لە دڵیان دابوو بە زۆرکردنی ژمارەی سەربازە کوژراوەکان دەریان دەبڕی و بەم جۆرە کف و کۆی دڵی خۆیان دەڕشت. ژاندارمە سوێسنیەکانی ئەوەندە هەراسان کردووە ناچار بوون بەگژ دەوڵەت دا بچن. بۆکارو باری ئەوێ دایرەیەکیان دانا بەنێوی "دایرەی ئینتزاماتی عەشایری" . کابرایەکیان کردە سەرۆکی ئەم دایرەیە بە نێوی سەرهەنگ پزیشکی یان . سەربازەکانی پزیشکی یانیش پاش یەک دوو ساڵ وردەوردە چوونەوە سەر پێ و دانەکەی ژاندارم."

"کە تەماشام کرد هۆدەیەک لەسەر چەقی ڕێگایە کەیە. لە بەر ئاڵۆز بڵۆزیی خۆم و وتووێژەی تێکەڵ و پێکەڵ نەمتوانی بەهیچی تێ بگەم. هێشتا تەواو نەگەیشتبووینە حاستی هۆدەکە کوتوپڕ کابرایەکی دەم چەقەڵی ڕەنگ تریاکی و ژاندارمەیەکی مل باریکی لەڕ و لاواز کە بە کاسکێتە زلەکەی سەری و بەژن و باڵای ڕەقەڵی دا وەک قارچکە گولانە ئەچوو ، هاتن و پێشی پاسەکەیان گرت . من لەبەر خۆمەوە گوتم یاخوا خێر بێت. لەئاگر ڕزگار بووین بەسەر مار دا کەوتین. کابرای دەم چەقەڵ بەفیزێکەوە هاتە سەرێ . بێ ماندوو نەبوونی و چاک و خۆشی ، بەروویەکی گرژ و دەم و کاوێژێکی خاوو خلیچک و خەواڵوو یان خومارەوە گوتی: یاللا : بدەن ، خێراکەن.

هەرکە سەدەری هێنا و پێنچ قڕانی دایە، هاورێکەی منیش لەجیاتی هەردووکمان تمەنێکی دایە. ئیتر بەم پێنچ قڕانە وەک کلیلی تەلیسم یا بیسمیللای پیاوچاکان ڕێگامان بۆ کرایەوە. "

"حسێن قوڵی دوو ژاندارمی دەگەڵ خۆی هەڵگرت ، تفەنگیان کردە شانیان و سوار بوون رۆیشتن . دەیان زانی کوێ بزوێنەو کوێ کڕێنە. خۆی لەخاوەن مڵکە گەورەکانی کە دۆستایەتی یان دەگەڵ سەرلەشکر و سەرهەنگ و شتی واهە بوو بوارد. ڕووی کردە خاوەن مڵکە ناونجی یەکان . ئەوەی مازادی لە سەر مابوو پازدە، بیست تمەنی لێ ئەستاند. ئەوەی کە لەسەری نەمابوو دەیگوت : ناوت دەگەڵ ئەوانە هاتووە کە نەیانداوە، بچۆرە بۆکان لای سەرۆکی ژاندارم بەشکەم لەوێ روون بێتەوە کە داوتە یان نا. ئەملا، ئەولا ، ئاخرەکەی بە پێنج، شەش تمەن وازی دەهێنا کە ئەو سەفەرەی وەبەر نەخا. "

"حسێن قوڵی کە دیتی هیچی دیکەیان لێ پەیدا نابێ ، سێ تمەنەکەی وەرگرت و ڕووی کردە مەلا :
مامۆستا ئەوە لە بەر خاتری قورئانەکە وەری دەگرم . دایکم دووسێ مانگە مردووە، لە جیاتی دوو تمەنەکەی دیکە قورئان بۆ دایکم بخوێنە. "

(" ئاغا میرزارەحمان کە لە پەنجەرەی دیواخانەکەوە تەماشای کرد پێنج، شەش سوار ژاندارم بوون گەیشتنە ناو ئاوایی ، ئەوەی پێشەوەیان تفەنگی پێ نەبوو دیار بوو ئەفسەریان بوو . میرزا ڕەحمان بە پەلە رەسووی ناردە مالەوە کە خەبەر بدات میوانی ژاندارم هاتوون و بەگورجی نان و چێشت ئامادە بکەن ، خۆشی بە دوو نۆکەرە کەیەوە هاتە خوارێ و تا کۆڵان بەپیریانەوە چوو ، سێ ، چوار ڕەعێتیشی بانگ کرد ئەسپی ژاندارمەکان بگرن و بیان بەن تاقەتیان کەن. میرزا

ڕەحمان بەدەم بەخێرهێنانەوەوە پێش خۆی دان و چوونە دیوەخان . ئەوەندەی دەیتوانی مێشکی خۆی دەگوشی تا دوایین وشەی فارسی کە لە منداڵی یەوە بە دەرس خوێند بووی یا بەدرێژایی تەمەنی بیستبووی وەبیری خۆی بهێنێتەوە و بۆ بەخێر هێنان و مەرایی کردن بیبانلێ . چرچ و لۆچی ناوچەوانی لە بەریەک ڕەواندبۆوە و پەیتا پەیتا دەمیشی تا لای بنا گوێی دادەچەقاند تا وا پێشان بدات کە گۆیا لە خۆشی هاتنی ئەوان شایی لە دڵی دا دەگەڕێ . جاروبار وەکوو گاجووتێکی گۆڵەداسووی گرتبێ ، زمانی لوول دەکرد و دەمیشی باریک دەکردەوەو وشەی فارسیی بە نەجووراوی و سەروگوێلاک تێکشکاوی دەردەدا ، تا ئەفسەرەکە تێ بگەیەنێ کە باپیرە گەورەشی دوێنەو شەلەمی نەخواردووە و ئەوەندە فارسە کاشانییش دەسکی لەدوا ناکەن. لەو وەختەدا کابرای ئەفسەر تەماشای یەکێک لەژاندارمەکانی کرد . لەوە دەچوو بەزمانی حاڵ دەڵێ : ئەم کابرایە هەر لە قسەی زلی کردووە وادیارە نایەوێ پیاڵەچایەکیشمان بداتێ.

میرزا ڕەحمان لەتەماشاکردنی ئەفسەر و ژاندارمەکە جەرگ و هەناوی داکەوت ، چونکە زۆر باش دەیزانی ئەگەر بکەونە گێچەڵ کردن و بیانوو دۆزینەوە بۆ ئەوان لە ئاوخواردنەوە هاسانترە. لەوانەیە ژاندارمەکە بچێتە دەرێ دەدوازدە فیشەک لەکونە دیوارێک ، لە ئاخوڕی تەویلە یا لە ناو کادا قایم کا. لە پاشا دەست بەپشکنین بکەن و بیدۆزنەوە، خۆ ئەوسا بە پارەی سێ چوار ساڵی قەند و چاش ڕازی نابێ. "

ئەو کوردستانەی قزڵجی لەکتێبی پێکەنینی گەدادا ڕەسمی دەکا وڵاتێکە خاوەنی سروشتێکی ڕازاوە، بەڵام ژیانی دانیشتوانی پڕ لە مەینەت و دواکەوتوویی. بە دەگمەن خانوویەکی تێدایە نیشانەی ئاوەدانی پێوەبێ و خەڵکەکەی لەو پەڕی هەژاری و بێ دەرەتانیدا بەدوای کارێک و پاروەنانێک دا هەڵوەدای هەندەرانن. خەڵک هەموو دیاردەیەکی چاک و خراپ بەتەرازووی قەزاو قەدەر هەڵدەسەنگێنن و لە لێکدانەوەی هۆی دیاردەکان و ڕێگا چارەیان عاجزن و بەدەستەوەستانی پەنا بۆ چاک و پیرو دوعا و تەلەسم دەبەن. چەوسانەوەی چینایەتی لەهەموو بوارەکانی ژیاندا دەور دەگێڕێ و دەسەڵاتی حاکمیش لە لیباسی ژاندارم دا هەموو چین و توێژی کۆمەڵگا دادەپەڵۆسێ و تەنانەت لە سەر لەبەرنەکردنی جل و بەرگی بیانی و بەتاوانی ئەوەی بەرگی کوردیت لە بەر دایە بێجگە لە جەریمەو زیندان ئەتک و بێ حورمەتی وەکوو نێفەک بڕین و شتی واش لەئاڕادایە.

کاک حەسەنی قزڵجی لە ڕوانگەی دنیابینیی خۆیەوە کۆمەڵگا بە دووچینی داراو نەدار دابەش دەکاو خاوەن مڵک و تاجر وەکوو چینی دارا و باقی کۆمەڵگاش وەکوو چینی نەدار دەخاتە بەرچاو. لەو دابەش کردنەدا چینی دارای کۆمەڵگا هەمووی فاسید و خوێن مژو پیاوخراپ و دژ بەگەلەو چینی نەدار هەمووی زوڵم لێکراو پیاوچاک و فریشتەیە. بۆ وێنە ئەو دیمەنە لەچینی تاجر و بازار دەخاتەبەر دەست:

"چەند ساڵ پێش شەڕی دووهەمی جیهانی هەر لە بەیانی یەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مهاباد سەوداو کڕین و فرۆشتن وێستا. دوکاندارەکان کەهەموو شت بەگەزی خۆیان دەپێون و هەموو شت بەسەنگ و تەرازووی خۆیان دەکێشن ، تا گەزو تەرازوویان لەکار دابێ بەتەنگ هیچەوە نین.. دنیا ژێروڕوو بێ هەر ئەوان فرۆشیان ببێ ، پەکیان پێ ناکەوێ. ئەو ڕۆژە نیو گەز وەکوو مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو. تەرازووش مریشکە بە کورکت تێدا بنایەتەوە. کوتووپڕ چپە چپ کەوتەبازار ، یەک لەیەکی دەپرسی چ باسە؟ کرمانج ئەوڕۆ بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێ. "

لە دنیابینیی قزڵجی دا ڕەفتار و کردار بەچاک و خراپەوە هەمووی بە چینەوە پێوەند دراوە وئەوە ئینسانەکان نین کە چارەنووسی خۆیان و هەڵس و کەوتیان لەکۆمەڵگادا دیاری دەکەن و کەسایەتی خۆیان دەنوێنن بەڵکوو جەبرییەتی چینە کە بڕیاردەرەو ئینسان وەک ئیندیوید و کەس ئەسیری زیندانی چینە.